فڕۆکەیەکی سەربازی سعودی لە کاتی مەشقدا کۆتە خوارەوە و هەموو دەستەکەی گیانیان لە دەستدا

وتەبێژی وەزارەتی بەرگری سعودیە، تورکی ئەلمالیکی ئەوارەی ڕۆژی چوارشەممە ڕایگەیاند کە فڕۆکەیەکی جۆری 15SA-F لەکاتی مەشقکردن کۆتە خوارەوە.

ئاژانسی هەواڵی سعودی لە زاری وتەبێژی وەزارەتی بەرگری وەاتکە ڕاگەیاند، "ئەوارەی ڕۆژی چوارشەممە یەکێک لە فڕۆکە جەنگیەکانی هێزی ئاسمانی شاهانەی سعودی لە جۆری 15SA-F لە کاتی ئەرکێکی مەشقکردن لە بنکەی ئاسمانی پاشا خالید لە ناوچەی خەمیس موشەیت کۆتە خوارەوە".

ئەلمالیکی ئاماژەی بۆدا کە هەموو دەستەی فڕۆکەکە گیانیان لە دەستدا و لێژنەیەکی لێکۆڵینەوە ئەرکی خۆی دەستپێکردووە بۆ وردەکاری لە هۆکاری ڕووداوەکە.

جۆی ئاماژەیە، ئەمە یەکەم جار نییە کە فڕۆکەیەکی سەربازی سعودی لە کاتی مەشقدا خۆی بکۆتە خوارەوە، لە ساڵی 2018 فڕۆکەیەکی سەربازی جۆری "هۆک" لە باکووری ڕۆژهەاڵتی سعودیە کۆتە خوارەوە لەکاتی ڕاهێنانەکدا و هەموو تیمەکەی گیانیان لە دەستدا.